# فریشتەیەکی تاوانبار

نووسینی: مصطفی محسن

# الإمام علي عليه السلام

((لو كان الفقر رجلا لقتلته))

(( امـام علـی )) سلامی خوای لەسەر بێ دەفەرموێ

(( گەر هەژاری پیاوێـك بوایە دەمكوشـت ))

## سوپاس و پێزانین..

سوپاس بۆ خوای تاك و تەنیا كە ئەو هزرەی پێ بەخشیوم، سوپاس بۆ گشت ئەو هاوڕێی و ئەزیزانەی هاندەر و پاڵنەرم بوون، سوپاس بۆ ماموستا خۆشەویستەكانم، سوپاس بۆ ئامۆژگاریەكانیان كە وایان كرد بڕوام بە تواناكانم هەبێت، سوپاس بۆ كارمەندانی جاكسازی نەوجەوانان كە هاوكاری و كار ئاسانی زۆریان بۆم كرد، هەروەها زۆر سوپاسی ئەندامانی خێزانەكەم دەكەم كە هەنگاو بە هەنگاو یارمەتیدەر و هاندەرم بوون.

## سوپاسی تایبەت..

بۆ نووسەری خوشكم (( ڕەوا كوردی )) كە زیاتر لە زۆر هاوكارم بوو.

هەروەها ماموستایە خۆشەویستەكانم كە هەندەری سەرەكیم بوونە.

سوپاس بۆ هەردوو توێژەری ئەزیز و خۆشەویست كە توێژەری كۆمەڵایەتی چاكسازی نەوجەوانانن كە یارمەتیدەرم بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاكییە

((كاك سوارە و كاك هۆزان )).

**پێشکەشە بە...**

دایك و باوك و خوشك و برا خۆشەویستەکانم

به ماموستا بەرێزەکانم لە کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەڵەتیەکان بەشی یاسا
کشت هاوڕێ و دۆستە ئازیزەکانم.

## پێرست

| ڕێزبەند | بابەتەکان |
|---|---|
| بەشی یەکەم | پێشەکی |
| بەشی دووەم | تاواناسی یان سزاناسی چیە ؟ |
| بەشی سێیەم | هۆکارەکانی دزیکردنی منداڵی ناکام |

| | |
|---|---|
| بەشی چوارەم | باس کردنی تاوان و ژیانی تاوانبار |
| کـۆتـایـی | ژیاننامەی نووسەر |

# پێشەکی

بەردەوام تاکەکەسەکان سەبارەت بە بێماناترین یا هەرە ترسناکترین شت پرسیار لە خۆیان دەکەن:- پێویستە لەسەرم چی بکەم ؟ کارەکانم چۆن بەرێ کەم ؟ تا چ ڕادەیەك دەتوانم هەنگاو بهاوێم ؟ ئایا وا چاکتر نەبوو گەر وام بکردایە ؟ ئایا ئەم کارەم هەڵە بوو یان ڕاست بوو ...؟

چۆن ئەستەمە ئەو غایەتەو مشتومڕە یا بیرکردنەوەیە یا بڕیاردانە یا حوکم دانانەی گەرچی لە دوورەوەش پەیوەستن بە کار و کردەوەی مرۆیی، ئەو جۆرە پرسارانە نەگرنە ئەستۆ .

کاتێك لە ڕێگەی ئەم مشتومڕانە کاروبارەکان یا بڕیار داڕشتن ئیشوکارەکانمان هەڵدەسووڕێنین، ئەوە ئێمە هەوڵی پاساو هێنانەوە و پاکانە دەدەین بۆ هەڵسووکەوتەکانمان و دەمانەوێ بیسەلمێنین کە ئێمە هەرەچاکترینمان کردووە یا لانی کەم کەمتر بەدکارانە ڕەفتارمان کردووە ، هەڵبەت وەك ئەو پاساوانە ئەو مەبەستانەش ڕەچاو دەکەن، کە لەو کاروبارانە گەرەکمانە ( واتە:- ئەوەی دەمانەوەی بیکەین و بەهاو نرخێك دەبەخشێ )، ئەو ئامرازە گونجاوانە ئەو مەرام و مەبەستانەش واتە ئەو ڕێگەیانەی دەکرێ بیانگرینە بەر بۆ ئەوەی بگەین بەم ئامانجانە .

کاتێك کە لە تەمەنێك تووشی هەڵەیك دەبین بە دڵنیایەوە رابردوویەکی نەشیاو و خراپ بوونەتە ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵەیەی کە تێدەکەوین یا تێکەوتووین .

هەروەها زۆری بیرکردنەوە لەو کار و کردەوانە کە دەیکەین بە ئەگەرێکی زۆر تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونیمان دەکات یاخود دەبنە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی هەڵە و تاوان ، کاتێکیش تاوانێك ئەنجام دەدەین بۆ نموونە تاوانی دزین، لە ترسی دەست بەسەر داگرتن و دادگای کردن یاخود هەنگاوی دوای دەست بەسەرداگرتن و پێش دادگایی کردن پەنا ببەینە بەر خۆکوشتن، ئەم بیرۆکەیەش لە کاتێك دێتەکایەوە کە مرۆڤ لە خراپترین باری دەروونی و لە لاوازترین خاڵی ژیانی دابێت و بیری بۆ هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نەچی.

وە زیاتر ئەو کەسانە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن لەناو نەوجەوانان کە یەکەم جاریانە هەڵەیەك یان تاوانێك بکەن لەبەر دەستگیر کردن و ئابرۆ چوونیان.

بەڵام ئەمەش دەکەوتە سەر دەزگا چاکسازیەکان کە لەسەریان ئەرکە زیاتر ئاگاداری ئەوکەسانە بن کە یەکەم جاریانە زیندانەکان دەبینن، وە چاودێریان بکەن بە باشترین شێوە، لە دوونیای ئەمرۆ چاودێریەکان زۆری بووەتە کامێرا بەڵام پێویستە چاودێریکردن لە نزیکەوە تێکەڵ بکرێت لەگەڵ کامێراکان جونکە هەندێك جار کارمەندانی سەر کامێراکان لەوانەیە سەرقاڵی شتێك بن و ئاگاین لە زیندانەیکان نەمینێ بۆیە چاودێریکردن لە نزیکەوە ئەم کێشەیە ناهێڵێ .

هەر کاتێك فەرمانبەرانی دەزگا چاکسازیەکان فێری چۆنیەتی دەستنیشان کردنی فاکتەرەکانی مەترسیداری خۆکوشتن بوون و بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە بەدواداچوونی زانیارەکان و لێکۆڵینەوەی حاڵەتە نوێیەکان بکەن و پێشگرتنی لە خۆکوشتن بۆ پێشکەش بکەن.

لەبەر ئەوەی کردەوەی خۆکوشتنی زیندانیەکان لە کاتژمێرەکانی یەکەمی گرتن و دەست بەسەرکردن ڕوودەدات، پێویستە پرۆسەی پێشگرتنی خۆکوشتن یەکسەر لەگەڵ زیندانی کردنی حاڵەتەکە دەست پێبکات.

وە بۆ ئەوەی کاریگەرتر بێت پێویستە پرۆسەی پێشگرتن دوای هەر گۆڕانکاریەك لە ڕەوشی زیندانی یان بارودۆخی زیندانەکە دووبارە بکرێتەوە، لەهەندێك چاکسازیدا لە ڕووی پێداوستی و سەرچاوەکانەوە لەوانەیە پرۆسەی پێشگرتن و بەدواداچوون ئاسان نەبێت، بۆیە پێویستە بە پێی توانا و واقیعی ڕەوشەکە پێشگرتن و بەدواداچوون بۆ ئەوانەی لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بکەن و یارمەتی ئەوانە بدەن کە رەفتاری خۆکوشتن لە لایان بەدی دەکرێ.

## تـاوانناسی یان سزاناسی چیـە ؟

بریتییە لە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر سروشت، ڕادە، هۆکارەکان ، چۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاوانکارانە لە هەردوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵگەییدا. بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانناسیدا بریتین لە ڕێژەی ڕوودان شێوازەکانی تاوان،هۆکارەکان و ئاکامەکانی تاوان هەروەها یاساکان و کاردانەوەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت برامبەر بە تاوان .

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی تاوان بکەین :-

کارێکە کە لەلایەن کەسێکەوە دژ بە یاساکانی وڵات یان ناوچەیەک دەکرێت. ئەو کەسە کە ئەو کارە دەکات بە تاوانبار دەناسرێت لەڕووی یاسا و کۆمەڵگە .

سەرەکیترین ئەو شتانەی کە بە تاوان ناو دەبرێن ئەوەیە کە وادەزانرێت ئەوکارە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ کەسێکی تر. شتانێک وەک کوشتنی کەسێکی تر، ئازارگەیاندن بە کەسێکی کە یان دزین لە کەسێکی تر لە زۆربەی شوێن و ناوچە و وڵاتەکان تاوان دێنە ئەژمار.

هەروەها دەکرێت خواردنی خواردنێکی تایبەت، وەک گۆشتی بەسەر چوو یان ماددەکانی ژەهراوی بوون ببنە هۆی تاوانکردن وە ئەوکەسانەی تاوان ئەنجام دەدەن دەبێ ( 3 ) کۆڵەگەیان تێدابی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان وەك (درکپێکردن، توانای ئەنجامدانی تاوانەکە، ویستی دەرئەنجامی تاوانەکە) کاتی ئەم ( 3 ) کۆڵەگە بەدی کرا ئەوکەت کەسەکە یاخود ئەوەی تاوانەکەی کردووە بە تاوانبار هەژمار دەکرێ.

کاتێک کە هەندێ لە تاوانبارەکان لەو تاوانانە پارەیان پەیدا کردووە هەوڵ دەدەن بۆ ڕێگر بوون لە دۆزینەوەیان لەلایەن پۆلیسەوە دەست دەکەن بە پارەشۆری! (کڕین و فرۆشتن بەو پارە کە پەیدایان (.کردووە) .

## (هۆکارەکانی دزیکردنی منداڵی ناکام)

-ئێمە وەك بینەر و بیستەر لێرە و لەوێ رۆژانە گوێبیستی چەندین حالەتی تاوان دەبین بە تایبەت لە دەوروبەری سەنتەری شار، وە من دەمەوێ سەرنجتان بۆ تاوانی دزین راکێشم کە هەواڵێکی ناخۆشە و شیرازەی کومەڵگا دەشێوێنی ئارامی تاك و خێزانەکان تێکدەدا، بۆیە ئەم بابەتەم هەڵبژارد جونکە بە زیاد بوونی قەیرانی دارایی ئەم حاڵەتانەش بەرەو زیاد بوون دەجێ، لێرەدا دوای گەڕان و سوڕان لە نێو دۆسیەکانی تاوان ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە ئەوانەی لە تەمەنێکی بچوکەوە تاوانی دزین ئەنجام دەدەن بەهۆی هەژاری و زۆری ئەندامانی خێزان و پڕ نەکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانی ڕۆژانەیانە هەروەها نەبوونی یان لاوازی هۆشیار و ڕۆشنبیری لە نێو ئەندامانی خێزانەکان بەتایبەت دایك و باوك وە نەبوونی هۆشیاری ئەو ژینگەیە کە تیایدا دەژین وە ئەو تاوانە دزیانەی ئەنجام دەدرێن زیاتریان لە دەوروبەری سەنتەری شارە لە نێوان تەمەنەکانی ( 13 -17 )بە پێی ئەو ئامارانەی دەستمان کەوتووە ،

لێرە پرسیارێك بۆ خوێنەر دروست دەبێت .. بۆچی تاوانە دزیەکانی ئەم تەمەنانە زۆرینەی لە دوروبەری شاراوەیە ؟؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پشت دەبەستین بە چەند راستی و واقعیەك ...

1- نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ کات بەسەر بردن

2- هەڵکەوتی جوگرافیای شوێنەکە

3- هاوڕێی جۆراو جۆر

4- هەژاری و نەداری

هەرزەکارەکانی ناو شار بەشێکی زۆریان ڕۆژانە سەرقاڵن جا بەهەر جۆرێك بێت بە بەڕێکردنی ڕۆژەکانیان بە تەکنەلۆژیا یان بە چوونیان بۆ کافتریاکان یان کار و کاسبی یان خوێندن کەواتە ئەو پێداویستیە جۆرا و جۆرانەی بۆ هەرزەکارەکانی ناو شار بەردەستە بە بەراورد لەگەڵ پێداویستیەکانی دەوروبەر زیاترە بۆ ئەوانەی دەوروبەر کاتیان زیاتر لەبەر دەستە بۆ بیرکردنەوە لە کرداری جیاجیا وە ڕۆیشتن بەلای تاوان بە تایبەت دزین بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیە سەرەکەکانیان.

وە هەڵکەوتی شوێن کاریگەریەکی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی دەزگا ئەمنیەکان کەمترن و شوێنی جۆلی زۆرە و کامێراکانی چاودێری تاك تاك بەدی دەکرێت بۆیە ئەنجامدانی تاوان ئاسانتر دەبێ ،هەروەها تیکەڵاوی و نزیك بوون لەیەك و ناسینی خەڵکی جۆراوجۆر و بوون بەهاوڕێ بەسەربردنی زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوەی ماڵ و دوور لە چاوی دایك و باوك و گۆڕینەوەی هزر و بیریان لەناو یەك وادەکات بگەنە ئەنجامێك کە ئەمیش تاوانی دزیە.

وە هەژاری بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دزی دادەنرێن بە تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە ئەندامەکانیان زۆرن و سەرچاوەی داهاتیان کەمە بۆیە هەمیشە منداڵە گەورەکەی ئەم خێزانانە دەبنە قوربانی لەبەر ئەوەی دوای باوکیان ئەوان بەرپرسیارەتیان دەکەوتە سەر وە لە خوێندن بێ بەش دەبن لەبەر کار کردن و کاسبی و یارمەتی دانی خانەوادەکانیان،بۆیە ئەم کەسانە گەر کاریان نەمینێ یان داهاتیان کەم بیت پەنا دەبەنە بەر دزی و دەستکەوتی حەڕام و سەر شۆربوونی دووایان.

هەروەها پێویستە لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکان متمانەیەکی زۆر هەبی جونکە گەر متمانە هەبێت منداڵەکان دەتوانن هەموو شتێك لای دایك و باوك باس کەن بەبێ هیچ ترسێك و دڵە راوکێیەك ئەوەش وادەکات تێگەیشتن زیاتر بێ لەنێوانیان و ئاستی ڕۆشنبیری بەرزتر بێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە بە نەبوونی متمانە شیرازەی خێزان بەرەو خڕاپی دەڕوات تەنانەت وای لێدێت منداڵەکان لای باوکیان کار نەکەن و لە شوێنی تر کار بکەن لەم حاڵەتەش خەڵکی نوێ دەناسن و بیرۆکەی نوێ وەردەگرن هزری تاوانکاری لە مێشکیان تەشەنە دەکات .

ئەمەوێ سەرنجتان بۆ چەندهۆکار و فاکتەرێکی سەرەکی راکێشم کە دڵ و چاو و دەستی ئەم پەپولانە پیس دەکەن، و تاوانی دزین لەناو کۆمەڵگە زیاد دەکەن لەناو شار و دەرەوەی شار.

لە چەند خاڵێك هۆکارەکان دەخەینە ڕوو ..

1- ژینگەی نیشتەجێ بوون
2- بێ ئاگاییی و چاودێری نەکردنی دایك و باوك
3- خراپی باری دارایی خێزان
4- هاوڕێی خراپ
5- جیاوازی تەمەن لە نێوان هاوڕێکان
6- نەبوونی هۆشیاری و ڕۆشنبیری

سەرەتا باس لەگرنگترین و یەکەم هۆکار دەکەین کە ئەویش دایك وباوکە .
یەکەم: وەك باوە لە کۆمەڵگا داخراو و عەشاییرەکان باوك سەرقالە بەکاری دەرەوە و دایك کاری مالەوە، لەبەر ئەوەی باوك بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان تا درەنگانی شەو نایەتەوە مالەوە و زۆر ئاگاداری رەفتار و هەڵس و کەوتەکانی مندالەکانی نیە، بەڵام ئەوە شتێکی هەلەیە دەبێ بە بەردەوامی چاودێری مندالەکانیان بن و پەروەردەکی دروستیان بدەن، کێشەکە لێرە ئەوەیە کە هەندێك لەدایکان دەبنە قوربانی مندالەکانیان و رەفتاریان.
چۆن و بۆچی دەبنە قوربانی؟ :-
کاتی کە مندالەکە دەچێتە دەرەوە یان دەچێتە قوتابخانە ئەوە کۆمەڵێك هاورێی نوێ دێتە ژیانیەوە، ئەو مندالە لە تەمەنێکدایە کە هاورێی خراپ و باش لەیەك جیاناکاتەوە، بۆ نموونە هاورییەکی لە خۆی گەورەتر دەیەوێ استغلالی بکات بە هەرشێوەیەك، کاتێ کە مندالەکە هاورێکانی بە خێزانی ناناسێنێت و دایك لە هاورێی مندالەکانی ناپێچیتەوە ئاخۆ چۆنن و لە چ خێزانێکدان، مندالەکە بۆی هەیە تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی ببێتەوە، ئەگەر هاتوو دایکی بە کێشەکانی زانی لێرەدا لە باوکی مندالەکە دەشارێتەوە، بێگومان ئەوەش لە بەرژەوەندی خێزانەکەدا نیە. رۆژ لە دوای رۆژ مندالەکە تووشی کاری خراپ تر دەبێت.
لێرەدا چەند هۆکارێك بەیەك دەبەستینەوە کە تەواوکەری یەکن و دەبنە هۆی رەفتاری دزیکردن وەك : هەژاری و هاورێی خراپ یاخود بۆماوە.
کاتی کەسێك لە ژینگەیەکی هەژار پەروەردە دەبێت یان خێزانەکانیان چاودێریان ناکەن ئەوە پەنا دەبەنە دزیکردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان، لێرەدا کەم تەرخەمی دایك و باوك بەدیار دەکەوێ کاتی کە لێ پێچینەوە لە مندالەکانیان ناکەن کەوا چۆن رۆژیان لەدەرەوە بەسەر بردوە و کێن هاورێکانی، ئایا چونە قوتابخانە یاخود نا، چەندەها پرسیاری تر دروست دەبێ لەم کۆمەڵگایانە.
سەبارەت بە توێژەرە کومەڵایەتیەکان لەسەریان پێویستە زیاتر کاتەکانیان لەگەڵ قوتابیە هەژارەکان بەرێبکەن و چاودێریان بکەن لە قوتابخانەکان، لەبەر ئەوەی کاریگەریەکی راستەو خۆیان لەسەر قوتابەیکانیان هەیە دەتوانن هەر لە

بچوکیەوە مێشکیان بکەنەوە و لە کێشە دووریان خەنەوە وە کۆنتڕۆلی هزریان بکەن.
وە هەروەها لە کاتی نەچوونیان بۆ دەوام و لەکاتی حاڵەتی نالەبار پێویستە دایك و باوکیان ئاگادار کەنەوە تا بتوانن باشترین پەروەردە هەڵبژێرن بۆ کۆرپەکانیان.
دوای ئەم توێژینەوە بیردۆزیە زیاتر و زیاتر تێکەڵی بابەتەکە بووم ویستم بگەمە ئامانجێك کە لە
زاری کەسێکی تاوانبارەوە گوێبیستی ژیانی و جۆنیەتی بوونی بە تاوانبار بم وە وەڵامی ئەو پرسارانە دەست بێنم کە لای من و چەندین کەسی ترەوە درووست بووەوە .. بۆیە هەڵسام بە سەردانی کردنی بنکەی جاکسازی نەوجەوانان لە هەولێر .
لە میانەی سەردانیکردنەکەم بۆ بنکەی جاکسازی نەوجەوانان لە نزیکەوە چاوم بەم هەرزەکارانە کەوت و ئاشنای چەندین دۆسیەی جیاجیا بووم کە لە تاوانی جۆراوجۆر پێك هاتبوون .
لە نزیکەوەو و ڕووبەروو چاوپێکەوتنم لەگەڵ یەکێك لە بەنکراوەکان کرد کە لەسەر تاوانی دزین دەستگیر کرابوو بە پێی ماددەی (443) یاسای سزادانی عیراقی، لە کاتی قسەکردن لەگەڵی ئەو کەسە پێی خۆش نەبوو ناوەکەی بنوسم یاخود ئاشکرا بێت بۆیە داوای کرد ناوی نەهێنم لە کاتی باس کردنی ژیانی منیش رێزم لە داواکەی گرت و بەڵێنم پێدا کە ناوی نەهێنم .

**باس کردنی تاوان و ژیانی تاوانبار**

له رۆژێکی بەهاری، وەرزێکی نوێی ساڵی 2002، لەگەڵ سەوز بوونی گەڵاکان، منداڵێکی پاك و بێگەرد، کۆرپەیەکی پڕ له هیوای دایك و باوك دێته دونیاوە، فریشتەیەکی بێ گوناح دێته ژیانێك که پڕه له تاوان و نەهامەتی، سەختی و دڵ تەنگی.

یەکەم منالّی دایك و باوکیەتی، کۆرپەله بەناز و شیرینەکەی دایه و بابەیه . بەڵام به تێپەر بوونی کات و سەختی ژیان و نەبوونی هۆشداری و رۆشنبیری خانەوادەیەك منداڵه بێگەردەکه دەبێته کەسێکی تاوانبار و له بەندینخانه ژیان بەسەر دەبات دوور له دایك و باوك، دوورله سۆز وباوەشی گەرمی خێزان و دوور له خۆشەویست و ئەزیزان .

ئایا منداڵێکی بێگەرد بووەته قوربانی هەژاری و نەداری یاخود تاوانی هەرزەکارێك بووەته هۆی بێ هیوایی و سەرشۆڕی خانەوادەیەك یاخود گەنجێك هەڵخەڵەتێنراوه لەلایەن هاوڕێی خراپ و کەسانی داوێن پیس !!

له زاری(( منداڵێکی بێگەرد – هەرزەکارێکی تاوانبار – گەنجێکی خەڵەتێنراو )) گوێبیستی راستیەکانی ژیانی دەبین و ئاشنای گەیشتنی بەم چارەنووسه دەبین .

من گەنجێکی 16 ساڵم له 3\3\2002 هاتمه دونیاوه له وەرزێکی جوان و پڕ له خۆشەویستی چاوم بۆ ژیان کردەوه بەڵام له ژینگەیەکی نالەبار پەروەردە بووم که له دەوروبەری سەنتەری شاره .

له خانەوادەیەکی هەژار له دایك بووم که یەکەم منالّی دایك و باوکم بووم، بەڵام ئێستا ئێمه شەش منداڵین (( 4 )) کوڕ و (( 2 )) کچ به دایك و باوکمەوه (( 8 )) ئەندامین له خێزانەکەمان،

ئێمە خانەوادەیەکی هەژار بووین تا ئێستاش نازانم بۆچی لە کاتێکدا هەژار بووین بەڵام دایك و باوکم 6 منالًیان هینا دونیاوە..!

لە سەرەتای تەمەنم وەك هەر منداڵێك بە ناز و میهرەبانی دایك و باوك گەورە کرام، بەڵام ئەم ناز و سۆزە وردە وردە کاڵ دەبوویەوە بە هەمووی زیاد بوونی ئەندامانی خێزان و هاتنە ژیانی خوشك و برای تر.

نازانم دایك و باوکم دونیای تاوانم چۆن دەبینن ..! لە کاتێکدا سەختی ژیان و نەبوونی و هەژاری ڕووی تێکردوون بۆچی ئەم هەموو فریشتە پاکە دەهێننە ئەم نەهامەتیە..؟

کاتێك بەرەو تەمەنی (( 6 )) ساڵێ ڕۆشتم بووبووین بە (( 3 )) منداڵ گوزەرانم باش نەبوو باوکم ئەرکی زۆر قورس بووبوو لە لایەك کرێی خانوو لەلایەك ئەرکی بەخێو کردن و پەروەردە کردنی منداڵەکان جگە لە دیابین کردنی خەرچی رۆژانەی خانەوادەیەك.

باوکم کاسب بوو دەتوانم بڵێم وەستای دیوار و لەبغ بوو کارەکەی ئەو ماندوو بوونێکی زۆری تێدا بوو بە کرێیەکی کەم، کرێیەکەی باوکم بەشی گوزەرانی خانەوادەکەی نەدەکرد تەنانەت مانگانە برە پارەیەکی قەرز دەکرد.

هەر لە تەمەنی (( 6 )) ساڵیم سەرەرای هەژاری و نەبوونی منیان نارد بۆ خوێندنگا، نەك لەبەر ئەوەی خانەوادەیەکی رۆشنبیرن بەڵکو لەبەر نەریتی کۆمەڵگا کە دەبێ منداڵ بنێردرێتە بەر خێندن .!

ئەوکاتە هەرچەندە تەمەنم بچوك بوو بەڵام ئاشنای هەژاری خێزانەکەم بووبووم لە شتەکان تێدەگەشتم جونکە هەموو رۆژێك گوێم لە ناکۆکی و شەری دایك و باوکم دەبوو وە دەمبینی کە زۆربەی گفتوگۆکانیان و ناکۆکیەکانیان تەنها و تەنها لەسەر (( پارە )) بوو تەنها پارە .

بۆیە ئەم ناکۆکیانە لای من بووبووە شتێکی ئاسایی و ڕۆتینی گشت ڕۆژێك دووبارە دەبوویەوە هەمان بابەت هەمان مناقەشە وە هەرگیز نەدەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك .

من لە قوتابخانە قوتابیەکی زیرەك نەبووم لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە کاتی خوێندنم زۆر کەم بوو، جونکە کوڕی گەورە بووم دەبوایە ئاگاداری برا و خوشکە بچوکەکەم بم و یارمەتی دایکم بدەم جگە لە بیر کردنەوە لە نەبوونی و گوێبیست بوونی هاوار و شەڕەکانی دایك و باوکم.

بەڵام هەر چۆنێك بوو لەیەکەم ساڵی خوێندنم دەرجووم بۆ پۆلی دوو بۆ ئاستێکی نوێی خوێندن.

ساڵ ڕۆی و ساڵ هات بەڵام خانەوادەکەم هەر لەسەر هەژاری و نەبوونی ژیانیان بەرێ دەکرد، سەرەرای ئەم حاڵە منداڵێکی ترمان بوو ئەویش کچ بوو،رۆژ لە رۆژ ئەرکی باوکم گران تر دەبوو و پێداویستەکانمان زیاتر دەبوون.

تەمەنم بوو بە (( 11 )) ساڵ لە پۆلی (( 5 )) سەرەتایی بووم، هەر لەم ساڵە منیان دەرهینا لە خوێندنگا و دابڕام لە فێربوونی زانست و ڕەوشت دابڕام لە هاوڕێکانی قوتابخانەم، لەبەر باری ماددی و ئابووریمان بە مەبەستی یارمەتی دانی باوکم بوومە قوربانی خوێندن.

سەرەتای دەست پێ کردنی کار کردنم و یەکەم ساتی کارکردنم لە تەمەنی ( 11 ) ساڵیم بوو، لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەی ماڵەوە بووم دەبوایە بەشێك لە ئەرکی  ماڵەوە بگرمە ئەستۆ و ئەو قورسایەی لەسەر باوکمە کەمی کەمەوە، گەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت بتوانم یارمەتیان بدەم، وە هەست بە بەرپرسیارەتی بکەم.

یەکەم کارم وەك هەر منداڵێکی تر کە بووەتە قوربانی نەبوونی و نەداری بریتی بوو لە کلێنس فرۆشتن و  ئاو فرۆشتن رۆژانە برە پارەیەکی کەمم دەست دەکەوت لە نێوان (( 3-5 )) هەزار بوو کە رۆژانە زیاتر لە 7 کاتژمێر لەدەرەوە بووم بۆ کار کردن،بەڵام سەرەرای ئەم دەستکەوتە کەمە بەڵام بەردەوام بووم لەسەر کارەکەم جونکە لەبەر بچوکی تەمەنم نەمدەتوانی کارێکی تر بکەم لە شوێنێکی تر.

وە لەو برە پارەیەی کە دەستم دەکەوت ڕۆژانە تەنها (( 500 )) دینار بۆخۆم بوو، ئەویتر لەدەست دایکم دەنا بۆ خەرجی رۆژانە.

ڕۆژانە لە میانەی ئەوکاتانەی لەدەرەوە بووم هیچ چاودێریەکم لەسەر نەبوو لە لاینە دایك و باوکم تەنانەت لێپرسینەوەشیان نەدەکرد لەگەڵم دەربارەی هاوڕێکانم و بەڕێکردنی ساتەکانی کار کردنم، تەنها قسەیان لەسەر بڕی دەستکەوتەکەم دەکرد،

بیرم دێت ڕۆژێك جگەرەیەکم کێشا کە یەکەم جارم بوو بکێشم زۆر دەترسام بچمەوە ماڵەوە بۆنم لێبێت یان هەستم پێ بکەن کە شتیکی وام کردووە، نزیکەی 30 خولەك درەنگتر چوومەوە ماڵەوە، زۆر قەلەق بووم دەشڵەژام زمانیشم گیری خواردبوو دەنگم دەلەرزی، کە چوومە ژوورەوە بە ترسەوە پێیەکانم نەدەڕۆشتن خۆشم دەمزانی هەڵەم کردووە دانیشتم لای دایکم نانم خوارد، پرسیارەکانی دایکم هەر هەمان پرساری ڕۆژەکانی تر بوو دەربارەی دەستکەوتەکەم

بوو و ئایا هیچم سەرف کردووە بۆخۆم یان نا ..؟،  بۆیە بە هیچ شێوەیەك و  هیچ ئاماژەیەك پرسیاری جگەرەم لێنەکرا ..

لەو کاتە زۆر دڵ خۆش بووم کە پرسیاری جگەرەم لێنەکرا هەر لەو ساتە بوو شتی گەورەتری بەدوواوە هات و منی گەیاندە حاڵی ئێستام.

رۆژ بە دوای رۆژ جگەرەی زیاترم دەکێشا بە دزی ماڵەوە دەمزانی پرسیارم لێناکرێ.

دوای ماوەیەك منداڵێکی ترمان بوو خوا پێی بەخشین کە دایك و باوکم هەر بەردەوام یوون لەسەر هەڵەکانیان، بۆیە ئەرکی من و باوکم زیاتر و زیاتر دەبوو لە بەڕێوەبردنی ماڵەوە، وە دەبوایە زیاتر کار بکەین و خۆمان ماندوو کەین یاخود کارەکەمان بگۆڕین بۆ باشتر کردنی ژیانی گوزەرانیمان.

رۆژێکیان کوڕێك لە سیارەیەکی مۆدیل کۆن بە مەبەستی کلێنس کڕین هاتە خوارەوە بەرەو ڕووم هات، بەر لەوەی داوای ئەو شتە بکات کە بۆی هاتبوو هەندێك پرسیاری تایبەتی لەسەر خۆم و ژیانم کرد، ووتی ماڵتان لە کوێیە ؟ تەمەنت چەندە ؟ ماوەی چەندە ئەم کارە دەکەی ؟ باوکت چ کارەیە ؟ داهاتی ڕۆژانەت چەندە ؟ خەرجی ڕۆژانەی خۆت چەندە ؟ چەند کەسن لە ماڵەوە ؟ منیش هەموو

پرسیارەکانم بە ڕاستی وەڵام دایەوە، ئەو تەمەنی لەمن گەورەتر بوو بە (( 5 )) ساڵ ئەوکاتە من (( 13 )) ساڵ بووم کە ماوەی دوو ساڵ بوو ئەم کارەم دەکرد ئەویش تەمەنی (( 18 )) ساڵ بوو ، دوای تەواو بوون لە پرسیارەکان و وەرگرتنی وەڵامەکان داوای دوو پاکەت کلێنسی کرد و پارەکەمی دایە و ووتی دەگەڕێمەوە لات.

منیش ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە ماڵەوە بۆ دایك و باوکمم باس نەکرد جونکە بە گرنگم نەزانی، لەبەر ئەوەی چەندین جار هەمان پرسیارم لێکراوە لە لایەن کەسانی تربەڵام بێ سوود بوونە و هەر لە هەنگاوی پرسیار ماونەتەوە و هیچ کەسێك نەگەڕاوەتەوە بۆ لام، بۆیە بەخۆمم ووت ئەوەش وەك ئەوانی ترە پێویست ناکا باسی بکەم و بیگێڕمەوە.

ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆی دوای (( 4 )) ڕۆژ هەمان کوڕ هاتەوە لام هەمان سیارە و جلێکی پیسی لەبەردا بوو پێدەجوو لە صناعە کار بکە، هاتە خوارەوە لە سیارەکە لێم نزیك بۆوە لام دانیشت، پێدەجوو هەندێك قسەی پێبێت بۆم..! کە لام دانیشت چاکی و چۆنی کرد پاشان ووردە ووردە دەستی کرد بە قسەکان، ووتی من لە صناعە کار دەکەم شاگردی شوێنێکم کارەکەی من فیتەریە هەروەها ڕۆن گۆڕینی سیارە و ئەم کارانەش دەکەین، دووکانێکی تەنیشت ئەو دووکانەی من لێیمە پیاوێکی زۆر باشە بۆ شاگردەکانی پێویستی بە شاگردێکە منیش پێم ووت کە کەسیکت بۆ دەهێنم بە مەبەستی کار کردن وە کرێیەکەشت سێ ئەوەندی داهاتی ئەم کارەت دەبێ، کە ڕۆژانە بڕی (( 15 ))
هەزارت پێ دەدات پێم وابێ دەتوانی زیاتر سوود لە کارە و لەم کرێیە ببینی وە لە هەمان کاتدا شوێنی کارت دیار دەبێت و فێری کارەکەش دەبیت، منیش کە گوێم لەم قسانە بوو زۆر دڵخۆش بووم بە خۆمم دەوت ئایا دەبی ئەوە ڕاست بێ ؟ ئایا من لە ڕۆژێکدا بڕی (( 15 )) هەزار وەردەگرم ؟ یانی دەتوانم خەرجی ڕۆژانەم زیاتر بەم و زیاتر هاوکاری ماڵەوە بکەم.! لەم خەیاڵانە دابووم کورەکە ووتی من ئێستا دەڕۆم بەیانی دەگەڕێمەوە لات تا بەیانی بڕیار بدە کە دەتەوێ ئەم کارە بکەیت و کرێی زیاتر وەرگری یاخود بەو داهاتە کەمە لەسەر کارەکەی خۆت بەردەوام دەبی ..!.

منیش ووتم باشە بەیانی وەڵامت دەدەوە، بە پەرۆش یووم بگەڕێمەوە ماڵەوە بە داکم بڵێم کە چی ڕوویداوە، کاتەکە ڕۆیشت و کاتی گەڕانەوەم هات بۆ ماڵەوە ووردە ووردە ڕێگای ماڵەوەم گرتە بەر، لە کاتی ڕۆیشتنم بە لای ( 2 ) کوڕ ڕۆیشتم کە قسەیان دەکرد یەکێکیان بەوەی تری ووت ئەو مۆبایلە نوێیەت لەکوێ بوو بۆ نەمبینیوە ؟ وەڵامی دایەوە ووتی ئەوەشم دزیوە وەك ئەوەی تر ئەگینا پارەی کڕینی مۆبایلی نوێم لە کوێ بوو !.

ئیتر هەر گوێم لەوەندە بوو ترسێك کەوتە دڵم کە بەدووام بکەون یان ڕێم لێ بگرن وا هەستم کرد زانیان کە گوێم لێببوە بەڵام وا دیاربوو پێیان نەزانی و ئاگایان لەمن نەبوو بۆیە بە ترسەوە ڕێگاکەم بڕی.

کە گەیشتمەوە ماڵەوە دووبارە دەنگە دەنگ و هاوار هاواری دایك و باوکم دەگەشتە دەرەوە وەك هەموو جارێك، بەبێ دەنگی هاتمە ژوورەوەو دانیشتم لە سووجێك تا ناکۆکیەکەی ئەوان تەواو بوو،کە کەشەکە ئارام بوویەوە چوومە لای دایکم و داهاتی ئەوڕۆژەم (( 4 هەزار )) بوو دامە دەست دایکم ئەویش ((500 دیناری)) دا پیم.

ئیتر بابەتەکەم بۆ دایکم باس کردوو قسەکانی ئەو کوڕەم هەموو بۆ دایکم کردوو ووتم داهاتەکەم (( 15 هەزارە)) دەبێت و شوێنی کارەکەم دیار دەبێت، دایکم بۆ داهاتەکە زۆری پێخۆش بوو جونکە دەمانتوانی پێداویستیەکانمان پڕ بکەینەوە گەر هەمووش نەبێ، ووتی بڕۆ بەڵام ئاگاداری خۆت بە و زوو سیقە مەکە بە هەموان دوواتر بە باوکیشمان ووت ئەویش پێی باش بوو لەبەر داهاتەمە و لەبەر دیار بوونی شوێنی کارەکەم، کێشەکە ئەوەبوو صناعە کەمێك دوور بوو لەو شوێنەی کە ئێمە لێی نیشتەجێ بووین، ئەوڕۆژە بابەتەکە داخرا و بڕیاردرا لەسەر ئەوەی بچم بۆ کارە نوێیەکە.

کە شەو جوومە سەر جێگای نووستنم خەیاڵێکی زۆرم کرد بۆ داهاتەکە !! دەمووت پارە کۆ دەکەمەوە و پایسکلێك دەکرم و دەڕۆم بۆ ئەم کافتریایە و ئەم خواردنە دەخۆم  ئاخر من بەهۆی نەبوونی لەو شتانە بێبەش بووبووم لە ژیانم دا تەنها یەك جار کەبابم خواردبوو ئەویش کەمێکم خوارد جونکە بەشی هەموانی نەدەکرد  زۆر دڵ خۆش بووم، لە کاتێکدا قسەکانی ئەم دوو کوڕە هاتەوە یادم کە ووتی ئەمەشم دزی وەك ئەوەی تر..! ووتم ئەبێ دزی چۆن بێت ؟ یانی پارەیەکی زۆر بەبێ هیچ ماندوو بوونێك دێتە دەستت ؟ لەو بیرکردنەوانە دابووم کاتێ خەو بردمیەوە و غەرقی خەونەکان بووم.

بۆ بەیانیەکە زووتر لەخەو هەڵسام دڵ خۆشیم پێوە دیار بوو جوانترین جلی خۆمم پۆشی رۆژێکی نوێ چاوەڕێمی دەکرد هەموو شتێك لام جوان بووبوو بە دەنگی ئاژەڵەکان سەمام دەکرد وامدەزانی دەنگی بولبول و شمشاڵە وامدەزانی دونیا هەمووی پێدەکەنی و دڵی خۆشە وامدەزانی ئیتر هەژاری بوونی نامینێ و ژیانێکی جوانتر چاوەڕێمانە وامدەزانی چارەنووسم وەك کوڕە شاکان دەبێ لەناو خانوو و ڤێلای خۆمان یاری دەکەم، بۆ کوڕە هەژارێك ئەم خەیاڵانە زۆر گەورەو و قورسن تەنانەت کەمێك مەحاڵیشن، ئاخر بەو داهاتە کەمە و ئەم خەیاڵانە تەنها هی منداڵێکی هەژا ر هیچ نەدیووە بەڵێ خۆشم ئەو منداڵە هەژار و هیچ نەدیوە بووم.

لەماڵ هاتمە دەرەوە وەك هەموو رۆژێك چوومە سەر جادەکە بۆ کار کردن یاخود بۆ کاسبیەکەم، بەڵام هەر لەخەیاڵ و چاوەڕوانی ئەو کوڕە بووم کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك خەیاڵەکانمی بۆ ڕازاندەوە و جوانی کرد، کاتەکە بەرەو نیوەڕۆ دەڕۆیشت و وەك  ڕۆژەکانی تر جوومە دووکانێك لەفەیەکی فەلافلم خوارد و چوومەوە شوێنەکەی خۆم، کاتژمێر بوو بە(( 2  ))دوای نیوەڕۆ چاوم لە چاوەروانی بوو لە دوورەوە بینیم هەمان سارە دێت بۆ لام زۆر شلەژام و دڵ خۆش بووم، کەنزیك بۆوە هاتە لام و ووتی چیت کردەوە کورە جوان بڕیاری چیت دا دێیت بۆ کارەکە، منیش بە دەنگێکی نزم ووتم بەڵێ! دێم بۆ کارەکە ماڵەوەمان ڕازی بوون کە بێم ، ووتی زۆر باشە وەرە لەگەڵم سەرکەوە با بچین بۆ دووکانەکە بتبەم بۆ لای خاوەن کارەکەت ئاشنات کەم بە شوێنی کارەکە، منیش سەرکووتم لە رێگا پرسیاری خێزانەکەمانی لێدەکرد و زۆر بە نەرمی قسەی دەکرد لەگەڵم ووتیشی فێری شۆفێریت دەکەم.

گەیشتینە شوێنی کارەکە خاوەن کارەکەم کە منی بینی  پێدەچوو منی بە دڵ بێت،هەرچەندە تەمەنم بچووك بوو بەڵام زوو لە شتەکان دەگەشتم بە حوکمی ئەوەی لە منداڵیەوە وەك گەورەیەك رەفتارم لەگەڵ کرابوو هەستم بە بچووکی خۆم نەکردبوو دەتوانم بڵێم ژیانی منداڵیم نەژیاوم.

شوێنی کارەکە یاخود دووکانەکە زۆر گەورە بوو 2 شاگردی تریشی هەبوو هەموان لەمن گەورە تر بوون، بەخێرهاتنیان کردموو و ناو دووکانەکەیان پێشانم دا و کارەکەیان بۆم باس کرد، پاشان خاوەن کارەکەم ووتی ماڵتان لە کوێیە و بە چی هات و چ دەکەی ؟ شوێنەکەم پێ ووت وتیشم نازانم بە چی هات و چوو بکەم..! ئیتر کە ئەمەی گوێ لێبوو قسەی لەگەڵ ئەو کوڕە کرد کە منی هینا بۆ ئەم شوێنە بڕە پارەیەکی دایە و پێی ووت پاسکلێکی بۆ بکرە تا هات و چووی پێبکا هەر ئەوکاتە پێکەوە چووینە مەیدان و پاسکلێکی بۆم کڕی ئەو پارەیەی کە مایەوە بۆخۆی هەڵیگرت پێمی ووت بەکەس مەڵێ پارە ماوەتەوە گەر پرسیاریان کرد بڵێ هەموو پارەکەی پێدا..!

کە پایسکلەکەم کەوتە دەست خەیاڵەکانم بیر هاتەوە کە یەکێك لە خەیاڵەکانم  کڕینی پاسکلێك بوو ئەمەیان یەکەم خەیاڵم بوو کە هاتە دی هەرچەندە بە پارەی خۆشم نەبوو

کە گەرامەوە ماڵەوە دایکم پاسکلەکەی بینی پرسی ئەوە چیە ؟ لەکوێت بوو ؟ منیش بۆ باس کرد کە چۆن چۆنی بوو و خاوەن کارەکەم بۆمی کڕیوە بۆ هات و چوو دڵی خۆش جونکە خەمی ئەوەی نەما بە چی هات و چوو دەکەم، ئەو رۆژەمان بە خۆشی بەرێکرد بۆ بەیان یەکەم رۆژی دەست بەکار بوونم بوو و هەروەها کرێی یەکەم رۆژم وەردەگرت لەبەر ئەوەی کرێیەکە گرنگ بوو لام .

کە دەستم بەکارەکە کرد بۆ یەکەم رۆژ وەك هەر کەسێم سەرەتا هیچم نەدەزانی جونکە پێشینەی کار کردنم نەبوو لەو بوارە، هەر کارێ هێنان و بردنی شتەکانیان پێم دەکرد وە پێمیان دەوت سەیری دەستیان بکەم تا فێر بم منیش هەر چیەکیان ووتبا وام دەکرد لەبەر ئەوەی ئەوان شارەزا بوون و من نوێ بووم و تا رادەیەکی زۆریش شەرمم دەکرد لێیان

کرێی رۆژانەم (( 15 )) هەزار بوو لەم داهاتە بڕی ( 3 ) هەزارم بۆخۆم هەڵدەگرت و (( 12 )) هەزارم دەدا دایکم، وە هەموو رۆژ کارم دەکرد جگە لە ڕۆژانی هەینی وە لەم ڕۆژەش کرێم بۆ هەژمار نەدەکرا تەنها ئەوڕۆژانەی کارم کردبا کرێیەکە هەژمار دەکرا.

هەر لەسەر ئەو کارەم بەردەوام بووم وورده وورده شارەزای کارەکە دەبووم و شارەزای کون و کاژێرەکانی ناو دووکانەکە و مەخزەنەکە دەبووم، هەروەها لەگەڵ ئەو کووڕەی منی هێنا بۆ ئەم مارە زۆر لەیەك نزیك بووبووین هاوڕیەتیمان توند بووبوو جار جار منی دەبردە کافتریا و منی فێری نێرگەلە کێشان کرد و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵم بوو بۆ ئەوەی شۆفێریم فێر بکات، وای لێهات هەموو شتێکە لای باس دەکرد متمانەم پێی هەبوو زۆر بەڵام ماڵەوەمان نەیان دەزانی بەم شێوەیە هاوڕێین.

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ تێپەری بەسەر کارکردنم لەو شوێنە زۆر باش شارەزای هەموو شتێك بووبووم، خاوەن کارەکەم نەخۆش بووبوو لەماڵەوە کەوتبوو ئێمەی شاگردەکان دووکان و مەخزەنمان بەڕیوە دەبرد، بەڵام سەرەرای کار کردنم بۆ ئەم ماوەیە هەر باری دارایی ماڵەوەمان باشتر نەبوو جونکە ماوەك بوو باوکم کاری زۆر کەم دەست دەکەوت یان جاری وا هەبوو بە هەفتە کاری نەبوو لەبەر قەیرانی دارایی خەڵکەکەش وەك پێشتر نەمان، ئەو هاوڕێیەشم لەبەر قەیران وەك جاران نەما نەیدەتوانی زوو زوو بچێتە کافتریا و ئەم شوێنان.

رۆژێك لای دووکان دانیشتبووین قسەمان دەکرد لەناکاو دوو کوڕەکەم بیرکەووتەوە کە باسی دزیان کرد! منیش بابەتەکەم بۆ گێرایەوە بە تەواوی ئەویش سەیرێکی کردم کەمێك بێدەنگ بوو نازانم بیری لە چی دەکردەوە ، پاشان بێدەنگی شکاند و قسەی کرد بەڵام باسی ئەم بابەتەی نەکردەوە بابەتەکەی گۆڕی بەڵام من هەر لە بیری ئەوە بووم ئاخۆ بۆ بێدەنگ بوو بیری لە چی دەکردەوە .!

دوای چەند رۆژێك کە باوکم هەر بێ کار بوو و کرێیەکەی منیش بەشی خەرجیەکانی نەدەکرد هاوڕێکەم بانگی کردم و ووتی ئیشێکم پێتە ووتم فەرموو هەر چیەك بەمن بکرێ دەیکەم جونکە چاکەی تۆ لەبیر ناکەم، ووتی مەخزنەکە شارەزای بە تەواوی ؟ کامیرەی لێیە ؟

ووتم بەڵێ شارەزام و یەك کامیرەی لێیە ئەویش تەنها لەگەڵ هەبوونی کارەبا ئیش دەکات، ووتی زۆر باشە خۆت دەزانی باری داراییمان چۆنە ئەم ماوەیی تۆش باوکت بێ کارە و ژیانتان باش نیە بۆ هەندێك دەبە ڕون نەدزین و بیفرۆشینەوە بە دووانمان کەس گومانی بۆ ئێمە ناچێ جونکە ئێمە دەمێکە لێرەین و کار دەکەین هەموو متمانەیان پێمانە،

منیش لە تەماحی پارە و نەبوونی و بێ کاری باوکم و لەوکاتە خوشکە بچوکەکەم نەخۆش بوو پێویستی بە پزیشك هەبوو ئێمەش ئەو پارەیەمان نەبوو بیبەینە پزیشك بۆیە پێشنیارەکەم قبوولْ کرد بەڵام بەڵێنمان بەیەك دا تەنها نێوان خۆمان بێت، ووتیشمان لای ماڵەوە دەڵێین داوای پارەی حەفتەیەکمان کرد و وەرمانگرت پێشوەختە، ئیتر پلانمان دانا و رۆژێکمان دانا بۆ دزیەکە .

پلانەکە ئاوا بوو :- من بچم بۆمەخزەنەکە بە مەبەستی هێنانی شت بۆ دووکان ئەویش بە سیارە بێتە لام و ئەوەندەی کە دەدزین لەناو سیارەکە دانێین رێك ببەینە بازار ساغی بکەینەوە وە پارەکەش دابەش دەکەین پاشان زوو بگەڕێینەوە بۆ شوێنی کارەکە.

ڕۆژی پلانەکە هات و دەشلەژام یەکەم جارم بوو دزی بکەم پێشینەم نەبوو بەڵام ئەو پێشینەی هەبوو، کات بوو بە 11 بەیانی ووتم دەجم بۆ مەخزن شت دەهێنم شاگردەکان ووتیان باشە، ئیتر بە پیی پلانەکە کارەکانمنان جێ بە جێ کرد چۆنمان داڕشتبوو ئاوا کردمان سەرەتا کارەبای شوێنەکەم کوژاندەوە لەبەر کامێراکە، نزیکەی 15 دەبە ڕوونمان دزی و لەناو سیارەمان دانا پێم ووت کارەباکە پێکاتەوە ئەوجا بڕۆین کە کارەکاکەی پێ کردەوە هێشتا لەناو مەخزەن بووم بە سەریعی هاتمە دەرەوە سواری سەیارە بووین و بەرەو بازار رۆیشتین هەمووومان ساغ کردەوە بە نرخێکی هەرزانتر لە نرخی خۆی. کە نرخی خۆی بە (( 18 هەزار )) بوو بەڵام ئێمە بە (( 14 )) هەزار ساغمان کردەوە کە کردیە (( 210 )) هەزار بە یەکسانی دابەشمان کرد هەر یەکەمان (( 105 )) هەزارمان برد.

بە ماڵەوەمان ووت پێشوەختە وەرمان گرتووە ئەوانیش باوەڕیان کرد پێمان .

دووای 2 ڕۆژ لەم تاوانە دەستگیرکراین پێمان سەیر بوو بەڵگەیەکمان جی نەهێشتبوو بۆ هیچ کەسێك ..! بەڵام ئەوکاتەی کە کارەباکەی پێکردەوە من هێشتا لە ژوورەوە بووم بۆیە کامێراکە شێوەمی تۆمار کردبوو ئەوکات زۆر مشەوەش و پەلە بوون بۆ ڕۆشتن و جێ هێشتنی ئەم شوێنە بیرمان لە هیج نەکردەوە هەروەها کەسێکیش ئێمەی بینیبوو کە هاتبووینە دەرەوە ئەوها بە شلەژاوی ، بۆیە کە دەستگیر کراین و بەڵگەکان خرانە ڕوومان دانمان بە تاوانەکە نا و حوکم دراین بە پێی ماددەی (( 443 )) یاسای سزاکانی عیراق .

ئێستاش زۆر پەشیمانم لەو هەڵەی کردوومە ساڵێك و دوو مانگ حوکم دراوم وە دوای کەم بوونەوەی حوکمەکەم بووەتە ئەوەندە جونکە لە هەر ساڵێك (( 4 )) حوکم کەم دەکرێتەوە بۆ نەوجەوانان .

ژیان بەسەر بردن لەناو زیندان زۆر زەحمەت و ناخۆشە جگە لەوە هەژاری وای لێکردم سەری دایك و باوکم شۆڕ کەم چارەنووسی خۆم ڕەش کەم پرۆفایلم ناشرین کەم.

## پەیامم بۆ دایك و باوكان

لە كۆتاییدا پەیامم بۆ ئەو دایك و باوكانە ئەوەیە تكایە مەبنە سیخور بەسەر منداڵەكانتان، سیخوربوون چیە و مانای چیە ؟

كاتێك كوڕەكەت یان كچەكەت لە ژوورەكەی خۆیەتی لەناكاو دەچیە ژوورەوە تا بزانی خەریكی چیە و چی دەكات ئەوە كێشە نیە ئاگات لە مندالەكەت بێ بەڵكو كێشەكە ئەوەیە لە هەر چركەیەكدا سیخۆری بەسەردا بكەی ، یان كاتێك مۆبایلیان لەدەستە ریك لەدەستیان دەفڕێنن تا بزانن سەیری چی دەكەن یان قسە لەگەڵ كێ دەكەن ! یاخود كاتێك ڕێییان پێ دەدەن لەگەڵ هاوڕێكانیان بچنە دەرەوە لە دواوە بە دوایان دەڕۆن تا بزانی دەچنە كوێ ! بەڵێ ئەمانە هەمووی سیخوورین، ئەمە وا لە منداڵەكەت ناكا ڕەوشتێكی باشی هەبێت بەڵكو منداڵەكەت بەدزی تۆ هەموو ئەوشتانە دەكات كە تۆ ڕێگری لێدەكەیت بیكات، نابێ منداڵەكەت بە شێوەیەك ببەستیەوە كە ئازادی بە كاری بەد ڕەوشتی تێبگا و بە شێوەیەك ئازادی كەیت نەتوانی بیگریتەوە، بۆیە بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بكە لە شتەكان تێبگات نەك تەنها لەبەر عەیبە و گوناح شتەكان نەكات.

ئێوەی دایك و باوك دەبێت ببن بە نموونەی باڵای منداڵەكانتان، بەشێوەیەك پەروەردەیان بكەن كە خۆتان سەرچاوەی یەكەمی نهێنیەكانیان بن، بەبێ ئەوەی شەرم بكەن نهێنیەكانی خۆیان بۆ ئێوە بدركێنن، لەبەر ئەوەی پێچەوانەكەی وا لە منداڵ و هەرزەكاران دەكات روو بكەنە كەسی بێگانە و هاورێی بە هەموو جۆرەكانیانەوە تا باسی نهێنی و ژیانی خۆیان بۆ ئەوان بكەن.

بۆیە تكام وایە كە وەك هاورێ بن لەگەڵ مناڵەكانتان، منداڵەكانتان مەكەنە قوربانی كێشەكانی نێوانتان، هەوڵبدەن لە كەشێكی ئارام و پر لە سۆز و خۆشەویستی پەروەردە بكرێن دور لە رق وقینە.

.

## ژیاننامەی نووسەر

ناوم (( مصطفى محسن )) تەمەنم ( 24 ) ساڵە و خەڵکی شاري هەولێرم. نەمتوانی لە قۆناغی ٤ی ئامادەیی سەرکەوتن بەدەست بهێنم و، ساڵی دواتر بەشەکەم لە زانستیەوە گۆڕی بۆ وێژەیی بەڵام دیسان دەرنەچووم.

ئەمە وای کرد کە هەست بکەم من کەسێکی شکست خواردووم و لە ناخەوە رووخام. سەرباری ئەوەی کە ئەندامانی خێزانەکەم و هاورێ و کەسە نزیکەکانم کەسیان هیوایان پێم نەمابوو، هەندێکیان دەیانگوت واز لە خوێندن بێنە و هەندێکیشاین دەیانگوت برۆ پەیمانگا، بەڵام من هەستم کرد کە دەبێت بە قەناعەتی خۆم شتێک بکەم. بۆیە بڕیامدا ڕووبەڕووی شکستییەکەم ببمەوە و جارێکی تر هەستمەوە سەرپێکانم.

دووبارە گەڕامەوە قوتابخانەی ئێواران و توانیم پۆلەکانی (٤،٥،٦) بە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم تەواوبکەم و لە پۆلی شەشەمیش بوومە سێیەمی سەر قوتابخانە.

ئێستاش خوێندکاری زانکۆم لە بەشی یاسا لە قۆناغی سێ وە یەکێکم لە زیرەکەکانی گرووپەکەم.
پەیامم بۆ گەنجانی وەکو خۆم ئەوەیە کە هیچیان بێ هیوا نەبن لەژیان وخۆیان بەرەو پێش ببەن و باوەڕیان بەتواناکانیان هەبێت، چونکە هەموو ماندوونێک بەرهەمی خۆی دەبێت لە داهاتوودا.
سوپاس بۆ خوا توانیم بەو هەوڵ و ماندووبوونە نامیلکەیەك بنووسم هیوادارم بەدڵی خوێنەر بێت

بۆ پەیوەندی کردن و هەر رەخنەیەك و دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە دەتوانم بەم ڕێگایانە پەیوەندیم پێوە بکەن.

Email: Mustafa.muhsien@gmail.com
FB/ Mustafa m. bakr
Phone number / 07507558616